# تەمەنی دەنگ دان

لە درێژەی کێشەکانی ناوخۆی حکومەتی ئیران دا لە جەریانی خۆ ئامادە کردن بۆ هەڵبژاردانی سەرۆکی بە ناو کۆماردا دەوڵەت بە پەلە گەڵالەیەکی بردە مەجلیسی ئیسلامیەوە بۆ ئەوەی تەمەنی دەنگدان لە ئیران ببێ بە 15 ساڵ. هەڵبەت ئەو گەڵالەیە بە بێ مشت و مڕێکی زۆر رەت کرایەوە. بەڵام بەو حاڵەشەوە پرسیارێکی هێناوەتە گۆڕێ کە پەیوەندی بە داهاتووی ئەو پوستەوە هەیە، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا ئەحمەدی نژاد زۆر لە ناو لاوان دا خۆشەویستە کە لای وابێ بە هاتنە خوارەوەی تەمەنی دەنگ دان گۆیا خەڵکێکی زۆرتر پەیدا دەبن کە دەنگ بە ئەو بدەن؟ هەموکەس دەزانێ کە وا نیە و ئەگەر قسە لە سەر نفوز بێ بە پێی کرداری چوار ساڵی رابوردوی خۆی ئەحمەدی نژاد نەك هەر پێگەیەکی لە ناو لاواندا پەیدا نەکردۆە بەڵکوو بە هۆی پیرەو کردنی توندرەوانەی یاساکانی کۆن و ووشکی ئیسلامی بێزار تریشی کردوون. کە وایە پێویستە لە شوێنێکی دیکە دا بە دوای مەبەستی ئەو لە هێنانە گۆری ئەم گەڵالەیە دا بگەڕێین. ئەمرۆ لە کەس شاراوە نیە کە هەر کەسێك بیهەوێ پۆستی سەرۆك کۆماری لە ئیران بەدەستەوە بگرێ دەبێ رەزامەندی ریکخراوی سوپای پاسدارانی بۆ خۆی دابین کردبێ. سوپای پاسداران نەك هەر ریکخراوێکی نیزامی بەڵکوو لە هەمان کاتدا حیزبێکی سیاسیشە. لە راستی دا تەنیا حیزبی سیاسی خاوەن دەسەلات لە ئیرانە. ئەو ریکخراوە سیاسی_نیزامیە چ بێ هەوێ ئەحمەدی نژاد لە شوێنی خۆیدا بهێڵێتەوە و چ مۆرەیەکی دیکەی بۆ ئەو پۆستە ئامادە کردبێ، لە هەر حالدا پیویستی بەوە هەیە کە لە چوارچیوەی کێشەی ناوخۆی باڵەکانی دیکەی رژیم دا نومایشێکی دەنگ دان بەریوە بەرێ. خوێندنگاکان ئەو شوێنەن کە بۆ ئەو مەبەستە خێراتر بەدەستەوە دەدەن و هینانی بە تێکرایی خۆیندکاران بۆ پێی سندووقەکانی دەنگ دان ئاسانترە ، هەر وەکوو چۆن هەموو جارێك بۆ پێشوازی کردن لە ئەحمەدی نژاد لە سەفەرەکانی دا بۆ ئوستانەکانی ئیران خۆیندکاران لە سەر کەلاسی دەرس دەر دێنن و بۆ نومایشێك بە ناوی پێشوازی، بەسیجیان دەکەن.

سوپای پاسداران هەر "چاە بەهارەوە" لە باشوری رۆژهەلاتی ئیران، هەتا "ماکو" لە باکۆری خۆرئاوەوە ، ریکخراو و دام و دەزگای هەیە و لە کاتی هەڵبژاردن دا هەموو فێلێك بەکار دێنێ کە نومایشی دەنگ دان بۆ رژیمی پێ بەریوە بەرێ. پاداشەکەشی ئەوەیە کە کاندیدی دەست نیشان کراوی خۆی لە سندووقی دەنگ دان دێنێتە دەرێ. تەمەنی پازدە ساڵ بۆ دەنگ دان تەنیا کار ئاسانێکە بۆ ئەو مەبەستە ئەگینا سوپا پەکی لە سەر ئەوە ناکەوێ کە بە شیوەی جوراوجۆر مەبەستەکەی خۆی دابین بکات. پەسەند کردن یا نەکردنی ئەو گەڵالەیە ئالوگۆرێك لە ئاکامی گاڵتەجارێك کە بە ناوی هەڵبژاردن لە ئیران بەریوە دەچێ نادات و ئەو ئاکامەش پەیوەندی بە دەنگی خەڵکەوە نیە و بە هەرەشە و بە فێل و

تەلەکەی لەو چەشنە نەبێ غەیری دەست و پیوەندەکانی خۆیان خەلکێکی ئەو تۆیان بۆ نایەتە پێی دەنگ دان و زۆریەی هەرە زۆری خەلك بەشداری لەو بە ناو هەلبژاردنە دا ناکەن.

***